# تاوانی گوولله‌بارانکردنی
# کرێکارانی چیمه‌نتۆی تاسڵوجه
# پاکنابێته‌وه!

حه‌مه‌غه‌فور

دوای کێشمه‌کێشێکی زۆرو چه‌ند هه‌فته‌یی کرێکارانی چیمه‌نتۆی تاسڵوجه‌ی سلێمانی له‌گه‌ڵ سه‌ران و ده‌سه‌ڵاتدارانی یه‌کێتیدا، پاش بێمایه‌بوون و پووچه‌ڵبوونه‌وه‌ی هه‌موو هه‌وڵه‌کانی یه‌کێتی بۆ چاوترساندنی کرێکاران و پاشگه‌زکردنه‌وه‌یان له‌ خواسته‌کانیان و وازهێنانیان له‌ مانگرتن، سه‌ره‌نجام ڕۆژی 27-7 له‌ناو کارگه‌دا مانگرتنێکی یه‌کپارچه‌یان ده‌ستپێکرد که‌ 700 کرێکار به‌شداریان تێداکرد. خواستی کرێکارانی تاسڵوجه‌ بریتی بوو له‌ زیادکردنی کرێی مانگانه‌یان و گێڕانه‌وه‌ی 300 کرێکاری له‌سه‌ر کار ده‌رکراوی هاوڕێیان بۆ سه‌ر کارو چه‌ند داوای دیکه. که‌چی هێزه‌کانی ئاسایشی یه‌کێتی نیشتمانی کرێکارانی مانگرتوویان دایه‌به‌ر ده‌سترێژی گولله‌و 13 که‌سیان لێ بریندارکردن. ئه‌م تاوانه‌ی به‌رامبه‌ر به‌ کرێکارانی کارگه‌ی چیمه‌نتۆی تاسڵوجه‌ ئه‌نجامدرا، په‌ڵه‌یه‌کی ئێجگار گه‌وره‌و ڕه‌شه‌ به‌ نێوچه‌وانی یه‌کێتییه‌وه‌و هه‌رگیز پاکنابێته‌وه‌. هێزو ده‌سه‌ڵاتێك ڕۆژی سه‌دان جار ده‌هۆڵی دراوی به‌رقه‌راربوونی ئازادی سیاسی و هه‌قی خۆپیشاندان وماڤ ده‌ربڕینی ناڕه‌زایه‌تی و سازکردنی مانگرتن لێبداته‌وه‌و که‌چی به‌مشێوه‌یه‌ ڕه‌فتاربکات، له‌باتی گوێگرتن له‌ خواست و ده‌نگی ناڕه‌زایه‌تی خه‌ڵك و جه‌ماوه‌ر، به‌ ده‌سرێژی گولله‌ به‌ره‌وڕوویان ببێته‌وه، له‌به‌ره‌ی تاوانکاری و دژی خه‌ڵکیدایه‌و ده‌بێ خه‌ڵکی کوردستان ڕیزی خۆیان له‌م تاوانبارانه‌ جیابکه‌نه‌وه‌.

قه‌ومپه‌رستان و ئه‌حزابی ده‌سه‌ڵاتداری ناسیونالیستی کوردی به‌جۆرێکی وا له‌ناو لیتاوی گه‌نده‌ڵیی ئیداری و سیاسی و دزی و فزی و پایماڵکردنی سه‌روه‌ت و داهاتی کۆمه‌ڵگای کوردستاندا نقومبوون و ده‌تلێنه‌وه، به‌ڕاده‌یه‌کی وا بوونه‌ته‌ کۆڵه‌که‌ و پاسه‌وانی سه‌رمایه‌ و سه‌رمایه‌داران و ئه‌م هه‌ڵوێسته‌شیان خستوونیه‌ته‌ به‌رامبه‌ر جه‌ماوه‌ری ملیۆنی خه‌ڵکی کوردستانه‌وه‌، که‌ نه‌ك هه‌ر توانای وه‌ڵامدانه‌وه‌ی بچووکترین خواست وداواکاری جه‌ماوه‌ریان نییه‌، نه‌ك هه‌ر حه‌وسه‌ڵه‌ی ته‌حه‌مولکردنی ئاساییترین ده‌نگی ناڕه‌زایه‌تییان نه‌ماوه، به‌ڵکو هه‌ر جۆره‌ ناڕه‌زایه‌تی وکۆبوونه‌وه‌یه‌کی خه‌ڵك وجه‌ماوه‌ری تووڕه‌ لێیان، ڕاسته‌وخۆ به‌ مه‌ترسییه‌کی گه‌وره‌ وسه‌ره‌کی بۆ سه‌ر ناوه‌ندی ده‌سه‌ڵاتدارێتیان لێکده‌ده‌نه‌وه‌ وبه‌ ڕێژنه‌ی گولله‌ی هێزه‌ میلیشیاییه‌کانیان سه‌رکوتیده‌که‌ن! ده‌سه‌ڵاتی غه‌رقبووی ئه‌م هێزه‌ عه‌شیره‌ییانه‌ له‌ناو تاوانکاری ودڕنده‌یی ودوژمنکاریی بێپه‌رده‌یان له‌گه‌ڵ خه‌ڵك وخواستی هاووڵاتیان وکۆمه‌ڵگای شارستانی کوردستاندا، ڕاسته‌وخۆ بۆته‌ سه‌رچاوه‌ی په‌ره‌گرتنی شه‌پۆلی ناڕه‌زایه‌تی جه‌ماوه‌ری به‌رینی خه‌ڵکی کوردستان له‌به‌رامبه‌ریاندا! بۆیه‌ سه‌رباری ته‌قه‌کردن له‌ جه‌ماوه‌ری ناڕازی له‌ ڕانیه‌ وقه‌ڵادزه‌ وکه‌لار وهه‌ڵه‌بجه‌ وئاکرێ ودهۆك...تد، هه‌ر ڕۆژه‌و هاووڵاتیانی ناوچه‌یه‌ك، هه‌ر جاره‌و خه‌ڵکی شارێك، یا دانیشتوانی گه‌ڕه‌کێك یا

خویندکارانی زانکۆیەك یاخود کرێکارانی کارگەیەك ئازایانەتر، توندترو یەکگرتوانەتر بەڕوویاندا دەتەقێتەوە. دەرس وەرناگرن ومل بۆ خواستی سەرەتایی وڕەوای خەڵك شۆڕناکەن! بێشەرمانە هەر جارەی بەبیانوویەکەوە ناڕەزایەتی وکۆبوونەوەی جەماوەری خەڵتانی خوێندەکەن. دەستی تاوانکاری قەومپەرستانی کورد ئەمجارەیان بەرامبەر بە شەریفترین ئینسانەکانی کۆمەڵگای کوردستان کەوتەکار! ئەمجارەش بە فەرمانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان مانگرتنی کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە گوللەبارانکرا. ئەمە ئیتر ئەوپەڕی دوژمنایەتیی ئەم هێزانە نیشاندەدات بەرامبەر بە هەر ڕەنگ و بۆیەکی کۆمەڵگای سالم و ئارام، بەرامبەر هەر شێوازێکی ئەمڕۆژیی دەربڕینی ناڕەزایەتیی، بەرامبەر بە هەر داواو ماف وهەقێکی سیاسی و فەردی و کۆمەڵایەتی! دەبێت خەڵکی کوردستان سنوور بۆ ئەم هیستریا و تاوانکاری و دەستدرێژیانەی دەسەڵاتدارێتی قەومپەرستانی کوردی  دابنێن.

مامەڵەی بەعسیانەی یەکێتی نیشتمانی لەگەڵ مانگرتنی ڕێکخراو و شارستانیانەی کرێکارانی کارگەی تاسڵوجەی سلێمانی، نیشانی دا کە دەسەڵاتدارێتی قەومپەرستانی کوردی لە ناوەرۆك و لە بنەڕەتیانەوە چەندە دژ بە خەلکن و دوور و نامۆن بە کۆمەڵگای کوردستان. نیشانی دا ئەگەر تەنها بۆ یەك ڕۆژ هێزی داپڵۆسێنەری میلیشیاییان بەدەستەوە نەبێت، چەندە زەلیل و داماون لەبەردەم خەڵکی کوردستانداو چۆن بارگەوبنەیان دەپێچرێتەوە! ئەم حیزبە ناسیونالیستانە دەرفەتێك کە سوودیان لێوەرگرتووە ئەوەیە کە ڕیزی خەڵك پەرش و بڵاوە، یەکگرتوو و ڕێکخراو نین،  زۆر جاریش فریوی وەعدو بەڵێنی درۆیینەیان دەخۆن. وەك چۆن ڕیزی ڕێکخراو و یەکگرتووی کرێکارانی تاسڵوجە ڕێگای خۆشکرد درێژەبە مانگرتنیان بدەن و برێك لە خواستەکانیان بەدەست بهێنن، خەڵکی تووڕەو ناڕازی سەرتاسەری کوردستانیش دەتوانن خۆیان یەکگرتوو ڕێکخراوبکەن و بەڕیزی یەکپارچەوە ماف و خواستەکانیان لە چاوی ئەم هێزە عەشیرەییانە دەربێنن. هەر ئێستا خەڵکی کوردستان دەتوانن ئەم تاوانەی گوللەبارانکردنی کرێکارانی تاسڵوجە مەحکوم و ڕیسوابکەن وە پشتیوانی لە کرێکارانی تاسڵوجە بکەن. ئەم حیزبانە بەزۆری چەك و میلیشیاکانیان دەسەڵاتی خۆیان سەپاندووەو بە تەقە وەڵامی داواکارییەکانتان دەدەنەوە. بە هێزی یەکگرتوو و یەکپارچەی سەرتاسەرییان، خەڵك و جەماوەریش دەتوانن سنوور بۆ گەندەڵی و ڕاووڕووتیان دابنێن و ماف و خواستەکانتان لە گەرووی ئەم تالانچییانە دەربێنن.

بژی کرێکارانی تاسڵوجە!

ڕیسوایی بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان!

2006-7-31